# پێش (نوێژی) مەغریب دوو ڕکات ئەنجامبدەن

لە عبد الله کوڕی موغەفەلی ئەلموزەنیەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێش (نوێژی) مەغریب دوو ڕکات ئەنجامبدەن»، پاشان فەرمووی: «پێش (نوێژی) مەغریب دوو ڕکات ئەنجامبدەن بۆ هەرکەسێک بیەوێت»، لە ترسی ئەوەی نەوەک خەڵکی پێیان وابێت سونەتە*. *(واتە: نەوەک پێیان وابێت لە نوێژە سونەتە ڕاتیبە جێگیرەکانە -سنة راتبة مؤكدة-ەیە)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئەم فەرموودەیە ئامۆژگاری تێدایە بۆ ئەنجامدانی دوو ڕکات سونەت لە پێش نوێژی مەغریب، ئەمیش لە پاش بانگی مەغریب؛ بۆ هەرکەسێک بیەوێت ئەنجامی بدات، بەڵام لە نوێژە سونەتە ڕاتیبەکان نیین، بۆیە باشتر وایە -موستەحەبە- مسوڵمان بەردەوام ئەنجامی نەدات؛ بۆئەوەی نەچوێندرێت بە نوێژە سونەتە ڕاتیبەکان، گێڕانەوە لەسەر ئەم دوو ڕکاتە هاتووە بە هەر سێ جۆرەکەی سونەتەوە -وتەیی،کرداری،ڕازی بوون:قول,فعل,تقرير-: فەرمانی پێیکردووە هەروەکو لەم فەرموودەیەدا هاتووە، وخۆی ئەم دوو ڕکاتەی ئەنجامداوە هەروەکو لە گێڕانەوەی -إبن حبان- هاتووە، وهاوەڵانی بینیووە کە ئەم دوو ڕکاتەیان ئەنجامداوە؛ ڕازی بووە لەسەر ئەمە ونەهی لێیان نەکردووە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee